# کردنەوەی تەجنید ڕێگاچارەنیە
# بۆ بەرگرتن بە سوپای تورکیا

Nya Kamil
Nya-78@hotmail.com



ئەوەی چەند ڕۆژێکە جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوە ، بڕیاری پەڕلەمان و حکومەتی تورکیایە . بۆ لەشکرکێشی کردنە سەر خاك و خەڵکی کوردستان . بەمەبەستی ڕاوەندونان و لەناوبردنی چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان pkk .

ئامانجی سوپای تورکیا هەرچیەك بێت وە بە هەرچی بۆیاخێك ڕەنگی بکات گرنگ نیە . بەقەد ئەوەی کە دەیەوێت نەخشەی جەنگێکی نەخوازراو بەسەر خەڵکی کوردستاندا پیادە بکات و بیسەپێنێت ، وە ڕۆشنیشە لەم جەنگەدا تەنها خەڵکی بێدیفاعی کوردستان زیانی یەکەمیان بەردەکەوێت .




لە بەین چون و کوژران و ماڵ وێران بوونی خەڵکی کوردستان کارێکی نەخوازراوە ، نائینسانیە . بۆ بەرگرتن بەم کارە وە ڕوبەڕو بونەوە لەگەڵی دەتوانین بە تەنها بەهەویەتی ئینسانی و فشار هێنان بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتوەکان و یەکێتی ئەوروپا و خودی دەوڵەتی ئەمریکی وەك حاکم لە عێراق و حکومەتی عێراقی بەر بەم کارە بگرین .

بەسازکردنی خۆپیشاندانی فراوان و گروپی ناڕەزایەتی ڕو بەو لایەنانەی سەرەوە تا لەو ڕێگەیەوە دەوڵەت و حکومەتی تورکیا ناچار بە پاشەکشە بکرێت . بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش خەڵکی کوردستان دەبێت پشت بەهێزی بەرین و عەزیمی خۆیان ببەستن ، کە هەر ئێستا ئەم خواستە لای خەڵکی کوردستان پشتیوانی بەهێزی هەیە . بۆ بەلاڕێدا نەبردنیشی دەبێت وشیاربن دوربکەونەوە لە داوا و نەخشەکانی دەسەڵات .

چونکە خودی ئەم دەسەڵاتە تائێستاش تەبلیغ و ئیدیعای ئەوە دەکات کە دەوڵەتانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا و تەنانەت ئەمریکاش دۆست و لایەنگری خواست و مافەکانی خەڵکی کوردستانن . لە کاتێکدا هەرئەم بەناو دۆستانەی خەڵکی کوردستان بڕیاری برسیکردنی خەڵکی کوردستان و عێراقیان ئیمزاو جێبەجێکرد ، هەر ئەمانە سنورەکانیان بە ڕوماندا دادەخەن ، تۆپباران دەکەن ، لەشکرکێشی دەکەنە سەر خەڵکی کوردستان ، بڕیاری جەنگ لەدژی خەڵکی کوردستان دەدەن . ئیتیفاقیەی ژێربەژێر و نهێنی مۆر دەکەن دژ بە خەڵکی کوردستان ، کە بۆتە خاڵی هاوبەش و بێ ناکۆکی نێوانیان .

بازنەکانی فشار بۆ سەر خەڵکی کوردستان بچوك و بچوکتر دەکەنەوە . ڕۆژێك بەر بە هاتنی سوتەمەنی دەگرن ، ڕۆژێك کارەبا لەسەر خەڵکی کوردستان دەکوژێننەوە ، ڕۆژێك پەیڕەوی برسی کردنی دەکەن و نایەڵن خواردەمەنی بگاتە ئەم هەرێمە . بەهەرحاڵ . ئەگەر بڕیارە دۆستایەتی وابێت ئەوا خەڵکی کوردستان دۆستی لەم جۆرەی زۆرە . وە تێگەیشتون ئەم دۆستایەتیە بۆ ئەوان کەڵکی نیە ، وە ئەم

تەعریفە لە زەوی داوە و نایخوات و بێکەڵکە بۆ خەڵکی کوردستان. هەربۆیە ئیعترازی نیشانداوە خۆپیشاندانی بەرێخستوە ، وە بەردەوامە لە فشاری جەماوەری خۆی . کە دیارە ئامانجی سەرەکی بەرگرتنە بەم لەشکرکێشیەی سوپای تورکیا . وەرەتکردنەوە و جەنگە .

لەپاڵ ئەمەدا وەك دەبینین لە شاری سلێمانی ژمارەیەك کەس هاتون لەبەردەکی سەرا خەیمەیەکیان هەڵداوە ، وە تەجنیدێکیان کردۆتەوە داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەن خۆبەخشانە ببنەسەرباز و چەك هەڵگرن و سنگ بنێن بە فیشەکی سوپای دڕندەی تورکیاوە . بەنەشیدی حەماسی و مۆنتاربۆ بەدەنگی بەرز دەیانەوێت خەڵکە پەلکێشی ئەم کارە بکەن .

بەبڕوای من ئەمە ڕێگە چارەی واقعی نیە بۆ خەڵکی کوردستان . وە خواستی ئەوانیش نیە ، وە کارێکی نامەنتقیشە . چونکە خەڵکی بێدیفاعی کوردستان ناتوانن ڕوبەڕوی سوپایەکی خاوەن ئەزمون و پڕچەکی وەك تورکیا بجەنگن . سوپای تورکیا خاوەنی هێزێکی سەربازی گەورەیە لەڕوی ژمارەوە لە نوکی هەرەمی سوپاکانی پەیمانی ناتۆدایە ، ئەمە جگە لەوەی کە بەسەدان تانك و زرێپۆش و فڕۆکەی جەنگی و تۆپخانە و نەخشەی سەربازی وردی لەبەردەستدایە . وە لە تەواوی دونیادا (جگە لەگەڵ خەڵکی کوردستان ) پەیوەندی و ئیتیفاقیە و هاوکاری و پشتیوانی هەیە ، وە ئیمکاناتی مادی و مەعنەوی و لۆجستی زەبەلاحی جەنگێکی فراوانی پێیە .

بۆیە سنگ نان بە لولەی دەبابەی سوپایەکی ئاواوە کارێکی نا دروستە، نا مەنتقیە ، وە داوایەکی پوچە لە خەڵکی کوردستان . وە ناتوانرێت بەر بەم لەشکرکێشیە بگیرێت بەم شێوەیە . ئەگەر ئێستا بە بەرچاوی حکومەتی ئەمریکی و عێراقەوە ئەم کارە دەکات ، بۆی ئاسانترە ئەوکات بە دڕندانە ترین شێوە ڕوبەڕوی خەڵکی کوردستان بوەستێتەوە . دەهۆڵ کوتان بۆ پێکهێنانی سوپایەکی خۆبەخش بۆخۆی بانگەواز و شەرعیەت دانە بەم جەنگە . وە قبوڵکردنیەتی وە پڕوپاگەندە بۆکردنیەتی . ئەگەر قەرارە وابێت ئەوا بەهانەیەکی زۆر بەهێز دەدەینە دەستی تورکیا تا قەتڵ و عامی خەڵکی بێدیفاعی کوردستان بکات . هەربۆیە بەکوشت دانی خەڵکی کوردستان کارێکی نەخوازراو نائینسانیو ناڕەوایە .

دەکرێت خەڵك لەدژی ڕودانی ئەم جەنگە تەیاربکرێت لە جیاتی ئەو کارە . وەك لەسەرەوە باسم کرد دەبێت خەڵکی بەشێوازی تر بەر بەم جەنگە بگرن . بەو دەلیلەی بێئەوەی کەسێك تفەنگ گەلگرێت ، لە ئەنجامی نمایشێکی عەزیمی بزوتنەوەی نا بۆ شەڕ و دژی جەنگ ، بە خۆپیشاندان لە شارەکانی کوردستان هەڵوێستی دوێنێ و ئەمڕۆی تورکیا گۆڕانی بەسەردا هاتوە ، لەبەرژەوەندی ئەم بزوتنەوەی دژی جەنگە تورکیا بەرەو پاشەکشە لەم کارەیدا دەڕوات .